# تێڕوانینەكانی فاروق كاتژمێرێكیشیان نەماوە بۆ نیوەشەو

## بەشی چوارەم - A

## بەرەی تاكی تایبەت و بەرەی تاكی هەموانی

لە هەموو كۆمەڵگایەكدا نەك هەر بەرەی تاكی تایبەت هەیە , بەڵكو خاوەنی كۆمەڵگاكەشە . ناكرێت لە كۆمەڵگایەكدا بەرەی تاكی تایبەت هەبێت و بەرەی تاكی هەموانی نەبێت . واتە ئەم دووانە پێكەوە كۆمەڵگا دروست دەكەن و بەڕێوەی دەبەن . بەڕێوەبردنی كۆمەڵگا وەكو ئیش لەسەر شانی بەرەی تاكی هەموانییە و وەكو خاوەنبوون و فەرمان دەركردن بۆ بەڕێوەبردن و دیاری كردنی چۆنیەتی بەڕێوەبردنەكەش لەسەر شانی بەرەی تاكی تایبەتە . بەرەی تاكی تایبەت چونكە خاوەنی كۆمەڵگایە , خاوەنی بەرەی تاكی هەموانیشە . بەرەی تاكی هەموانی لە هەموو قۆناغە مێژووییەكاندا „ كۆیلەی بەرەی تاكی تایبەت بووە و ئێستاش هەر كۆیلەیەتی . كۆیلەبوون لە مێژووی مرۆڤایەتیدا یەك ڕوخساری نییە , بەڵكو دەیان و سەدان و بگرە زیاتریش ڕوخساری هەیە . لە هیچ قۆناغێكدا كۆیلەبوون خاوەنی یەك ڕوخسار نەبووە . تەنانەت لەو سەردەمەشدا كە بە سەردەمی كۆیلایەتی ناسراوە , كۆیلایەتی خاوەنی چەندین ڕوخساری جۆراوجۆر بووە . كۆیلایەتی ژن بۆ پیاو , كۆیلایەتی منداڵ بۆ باوك , كۆیلایەتی سەرباز بۆ سەركردە , كۆیلایەتی خوێندكار بۆ مامۆستا , كۆمەڵێك ڕوخساری كۆیلایەتی دیگەن لەو سەردەمەدا .

تەنانەت هەموو كەسێكی ئازاد كە دەگاتە ئەوەی خۆی بكوژێت " خۆكوشتن دیاردەیەكی هاوبەشی هەموو سەردەمەكانە " , ئەوە كەسێكی ئازاد نییە , كۆیلەیەكە و هیچ ڕێگایەكی دەرچوونی لەو كۆیلایەتییە بۆ نابینرێت , بۆیە خۆی دەكوژێت . هەر بەرەی تاكی هەموانی كۆیلە نین لە كۆمەڵگادا , بەڵكو هەندێ جاریش بە پێی ئیش و بارودۆخ و كات و شوێنی دیاریكراو , كەسانی تاكی تایبەتیش دەبن بە كۆیلە " ئەڵبەتە لە بوونیانی بۆ تاكی هەموانی دەبن بە كۆیلە , ئەگینا تا نەبن بە تاكی هەموانی نابن بە كۆیلە " . ژنێك بۆ هەچ ماوەیەك بە دەستی مێردەكەیەوە گیر بخوات و نەتوانێت لە ملكەچی ئەو دەربچێت , ئەوە ئەو ژنە بۆ ئەو ماوەیە , با لە بەرەی تاكی تایبەتیشدا بێت هەر كۆیلەیە . هەر پیاوێكیش كە بە دەست ژنەكەیەوە گیر دەخوات و ملكەچی فەرمانەكانی ژنەكەی دەبێت , بەجیا لەوەش كە كۆمەڵگا , كۆمەڵگای پیاوسالارییە „ ئەو پیاوە تا ئەو ملكەچییەی بە باڵادا بڕابێت , كۆیلەیە . قوتابییەك كە هەست بە بوونی هیچ دەسەڵاتێكی خۆی ناكات لە بەرانبەر مامۆستاكەیدا , لەو كاتەدا ئەو قوتابییە كۆیلەیە . مامۆستایەك كە هەست بە ئازادی و كەسایەتی و مافی مرۆیی چوونیەك بۆ قوتابییەكانی لە بەرانبەر خۆیدا ناكات , ئەو مامۆستایە پێش ئەوەی مامۆستا بێت , خاوەن كۆیلەیە . هەركەسێك دەسەڵاتی بەسەر كەسێكی دیكەدا هەبێت , بەپێی بڕی ڕاكشانی ئەو دەسەڵاتە , ئەو كەسەی دووەم كۆیلەیە . بەرەی تاكی هەموانی لە هەر شوێنێك و لە هەر بەرگێكدابن , كۆیلەن . تراژیدیای كۆیلایەتی هەر بەتەنیا ئەوە نییە كە چەوسێنەر , چەوساوە ئەچەوسێنێتەوە „ بەڵكو زیاتر لەوە دامەزراندنی كۆمەڵگایە لەسەر ئەو بناغەیەوە . واتە تەواوی كۆمەڵگاكانی جیهان , لە بنەوەڕا كۆمەڵگای كۆیلایەتین .

كە بە سەرپێیی سەیری كۆمەڵگای دیمۆكراسی دەكرێت , كۆیلایەتی تیا نابینرێت , بەڵام كە قووڵ بیری لێدەكرێتەوە و بە ووردیی سەرنجی دەدرێتێ , لە هەموو كونوقوژبنێكیدا كۆیلایەتی دەبینرێت . دیمۆكراسی وەكو شێوەیەكی تری سیستمی نوێنەرایەتی , ئامرازێكی دیكەی بەرەی تاكی تایبەتە بۆ بەڕێوەبردنی كۆمەڵگا . هۆزی دەنگدەران لە چركەساتی دەنگدانیاندا نوێنەرایەتی خودبۆخودیان لە بەڕێوەبردنی وواڵتدا دەكەنە دیاری و وەكو تاڵانییەك دەیدەنە دەست نوێنەرەكانیان . ئەم كۆیلایەتییەی كە هۆزی دەنگدەران بۆ خۆیانی بەڕەوا دەبینن , لە ڕووكەشدا ئارەزوومەندانەیە و لە جەوهەریشدا داسەپێنراوە بەسەریاندا . لەگەڵ ئەوەشدا كە مرۆڤەكان لە كۆمەڵگادا كۆیلەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانن , بەڵام پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بریتیە لە كۆی پەیوەندییە تاكایەتییەكان . تاكەكان هەرچەندە كۆیلەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانن , بەڵام خۆیان خاوەنی ئەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییانەن . گرفتەكە لەوێدایە كە تاكەكان لە بەستنی پەیوەندییە دەرەكییەكانیاندا لەگەڵ یەكتریدا , دەبن

بە کۆیلە . کەواتە لێرەدا دەبێت هەڵوێستەیەك بکەین و بزانین بۆ لە بەستنی پەیوەندییە دەرەکییەکانیاندا دەبن بە کۆیلە ؟ ئەوان خۆیان خاوەنی پەیوەندییەکانن بۆ دەبن بە کۆیلەی ئەو پەیوەندییانە ؟ خاوەنداریەتییەکەیان چی لێدێت ؟ بۆ کوێ دەڕوات ؟

ئەڵبەتە خودی خاوەندارێتییەکە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وون نابێت , نافەوتێت , هەر ماوە . کۆیلایەتییەکەش بۆ هەر کەسێك , بەبڕی لەدەستچوونی خاوەندارێتییەکەی , پەیدا دەبێت . یانی کۆیلایەتییەکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا , بەرهەمی لەناوچوونی خاوەندارێتییەکەیە . بەو پێیەی کە بڕی خاوەندارێتیبوونەکە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە لە گۆڕاندایە , بڕی کۆیلایەتیبوونەکەش , ڕێك وەکو ئەو لە گۆڕاندایە . لە هەردوو بەرەی تاکی تایبەت و تاکی هەموانییەوە , مرۆڤەکان بە چ بڕێك خاوەندارێتییان بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وون بکەن , بەو برە کۆیلایەتی دەبێت وەربگرن . کەس نییە بتوانێت پلەی خاوەندارێتیبوون بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان , بۆ هیچ کەسێك دیاریبکات ,, لەبەرئەوە کەسیش نییە بتوانێت پلەی ناکۆیلایەتیبوونی هیچ کەسێك دیاری بکات . ئەوەی کە ئاشکرایە لای من , بە چ بڕێك لای کەسێکەوە خاوەندارێتی بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وون ببێت ,, بەو برە ئەو خاوەندارێتییە لای کەسێك یان کەسانی دیکەوە زیاد دەبێت . ئەم خاوەندارێتییە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لای هەر کەسێکەوە بریتییە لە خاوەندارێتیبوونی دەسەڵاتی خود و نوێنەرایەتی خودبۆخود و بە خاوەنبوونی ئارەزووەکانی خود . واتە هەر کەسێك بەو برەی خاوەندارێتییەکەی بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وون دەکات , بەو برە دەسەڵات و نوێنەرایەتی خود و ئازادی ئارەزووەکانی خۆی وون دەکات . گرنگی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە ئا لێرەدایە . ئالێرەوەیە " لەم وونکردنی دەسەڵات و نوانەرایەتی و ئازادی ئارەزووانەوەیە " کە مرۆڤ دەبێت بە کۆیلەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان .

بەڵام کە مرۆڤەکان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان ئارەزوومەندانە لەگەڵ یەکتریدا دەبەستن , پەیوەندییەکانیان بۆ لێیان هەڵدەگەڕێنەوە و بۆ دەیانکەن بە کۆیلە ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە , بابزانین پەیوەندییەکان چۆن دەبەسترێن . دوو ڕێگە هەیە بۆ بەستنی پەیوەندییەکان . یەکێکیان ئەوەیە کە لەسەر بنەمای تاکایەتییەوە بێت , ئەوی تریشیان ئەوەیە کە لەسەر بنەمای یەکە " وەحدە " ی کۆمەڵایەتییەوە بێت . ئەگەر لەسەر بنەمای تاکایەتییەوە بێت , مرۆڤەکان لە دووتوێی سەروەری ئارەزووەکانەوە دەچنە پرۆسەی پەیوەندییەکانیانەوە . خۆ ئەگەر لەسەر بنەمای یەکەی کۆمەڵایەتییەوە بێت , ئەوا لە دووتوێی سەروەری عەقڵەوە دەچنە پرۆسەی پەیوەندییەکانیانەوە . لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای بەفەرمی ناسینی خێزانەکانەوە چوونەتە پرۆسەی پەیوەندییەکانیانەوە , یانی کۆمەڵگایان لەسەر بنەمای خێزان دامەزراندووە . کۆمەڵگایەکیش کە لەسەر بنەمای خێزانەوە دامەزرا , کۆمەڵگایەکی پێچەوانەیە بە سەروەری مرۆڤ . خێزان خۆی یەکەیەکی نامرۆیی و ناکۆکە , چونکە کێشمەکێشی بردنی دەسەڵات و نوێنەرایەتی و ماف لە ناویدا بوونی هەیە . خێزان بەرهەمهێنەری تاکی تایبەتە و تاکی تایبەتیش تاکی تالأنکەرە . کۆمەڵگایەك کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بریتی بێت لە پەیوەندییەکانی ئەم خێزانانە , وە خاوەنی ئەم خێزانانەش تاکە تالأنکەرەکان " تاکە تایبەتەکان " بن , ئیتر چۆن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان , مرۆییانە دەردەچن ؟ پرۆسەی دروست بوونی خێزان لە مێژوودا و لەمرۆشدا , پرۆسەی دروست بوونی یەکەیەکی کۆمەڵایەتی نامرۆییە . دروستبوونی خێزان بەبێ دروستب بوونی تاکی تایبەت نابێت و دروست بوونی تاکی تایبەتیش بەبێ دروست بوونی خێزان نابێت . واتە پرۆسەی دروست بوونی خێزان , پرۆسەی دروست بوونی تاکی تایبەتیشە . خۆش ئەوەیە ئەم نامرۆیی بوونە لە خێزاندا نەك ڕەوایەتی پێدراوە , پیرۆزیش کراوە . کۆمەڵگا کە لەسەر بنەمای پەیوەندییە خێزانییەکانەوە دامەزرابێت , یانی لەسەر بنەمای پەیوەندی تاکە تایبەتەکانەوە دامەزراوە . هەمیشە پەیوەندییەکانی تاکی تایبەت کۆمەڵایەتییانەیە و هەرگیز تاکایەتییانە نییە . تاکی تایبەت ئەگەر پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتییانە نەبێت , ناتوانێت تاکی تایبەت بێت . پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکی تایبەت , ڕێك بەرێك " کتومت " پەیوەندییەکانی تالأن کردنە .

هەموو تالأن کردنێك لە هەر ڕوویەکەوە بێت , ئیتر ئەو تالأن کردنە لەو ڕووەوە چەوساندنەوەیە . کەواتە بەو برەی کە پەیوەندییەکانی تاکی تایبەت کۆمەڵایەتییانەیە , بەو برە چەوسێنەرانەیە . ئەڵبەتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاش کە پەیوەندییە خێزانییەکانن , کۆی پەیوەندییە تاکایەتییەکانی تاکە تایبەتەکانن . بەڵام ووتمان تاکە تایبەتەکان هەمیشە پەیوەندییەکانیان کۆمەڵایەتییانەیە " واتە تاکە تایبەتەکان خاوەنی ڕەوای پەیوەندییە تاکایەتییەکانی خۆیان نین , چونکە پەیوەندییە تاکایەتییەکانیان بریتییە لە پەیوەندییە تاکایەتییەکانی خۆیان و پەیوەندییە دەرەکییە تالأنکراوەکانی تاکە هەموانییەکان . وە تەنانەت پاشماوەی ئەو پەیوەندییە دەرەکییانەی تاکە هەموانییەکان کە تالأن نەکراون , تێکهەڵکێشی سیستمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکە تایبەتەکان کراون . " , کە کۆمەڵایەتییانەش بوو یانی چەوسێنەرانەیە . کەواتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان , لە هەموو ڕوویەکەوە پەیوەندییەکانی چەوساندنەوەن . کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش

پەیوەندییەکانی چەوساندنەوە بن , یانی هەرچی جۆری پەیوەندی هەیە لە کۆمەڵگادا , هەر هەموویان چەوسێنەرانەن . تەنانەت پەیوەندی نێوان دکتۆر و نەخۆش , مامۆستا و قوتابی , پیاو و ژن , دایك و باوك و منداڵ , پەیوەندی جیاوازی تەمەن " برا گەورەیی و برا بچوکی " فرۆشیار و کڕیار , پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیران , هەر هەموویان پەیوەندییەکانی نێزانیان لە ناواخندا چەوسێنەرانەن . واتە پەیوەندییەکان هێزئامێزن . هێزئامێزی بە مانای یەکسانی نا لە هێزدا , بەڵکو بە مانای دابەش بوونی بەسەر هێزی بالاّ و هێزی لاوازدا . ئەڵبەتە هەموو پەیوەندییەکی چەوسێنەرانە نامرۆییانەیە . وە لەم ڕوانگەیەشەوە هەموو پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان چونکە چەوسێنەرانەن , کەواتە نامرۆییانەن . **نامرۆیی و چەوساندنەوە و کۆمەلاّیەتی بوون , سیانەیەکی دانەبڕاون لە یەکتری** . وەهەرسێکیشیان بەرهەمی بەرهەمی پەیوەندییەکانی تاکە تایبەتەکانن لەگەڵ یەکتریدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و هەر هەموو کۆمەڵگاکانی جیهانیش پێکەوە . لە پێشەوە ووتم کە بەرەی تاکی تایبەت چونکە خاوەنی کۆمەڵگایە خاوەنی بەرەی تاکی هەموانیشە . پەیوەندییە دەرەکییەکانی بەرەی تاکی تایبەتیش چونکە خاوەنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگایە , کەواتە خاوەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی بەرەی تاکی هەموانیشە ( لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا , ئازادی بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکان نییە . ئەگەر ئازادی بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکان هەبوایە , ئازادی بۆ خاوەنەکەشی دەبوو . ) .

خاسیەتی کۆمەلاّیەتی بوونەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەردوولا " واتە بەرەی تاکی تایبەت و بەرەی تاکی هەموانی " , خاسیەتی خاوەندارێتی بوونی پەیوەندییە دەرەکییەکانی بەرەی تاکی تایبەتە بۆ هەردوولا . واتە پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان لە بنەڕەتدا , پەیوەندییە تالاّنکەر و تالاّنکراوەکانن . ئەم دوو خاسیەتەی تالاّنکەر و تالاّنکراو , دوو خاسیەتی بنەڕەتی و جیانەبووەوەی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانن . مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ئەم دوو فاکتەرەوە , " تالاّنکەر و تالاّنکراو " چوونەتە پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانەوە لەگەڵ یەکتریدا . هەموو مرۆڤێك لە هەچ بەرەیەکدا بێت , لە کۆمەڵگادا ملکەچە بۆ ئەم یاسایە . هیچ مرۆڤێك ناتوانێت لە پەیوەندییەکۆمەلاّیەتییەکاندا لەم یاسایە لابدات : یان دەبێت تالان بکەیت یان دەبێت تالاّن بکرێیت . یانی مرۆڤەکان _ تاکی تایبەت بن یان تاکی هەموانی _ لە کۆمەڵگادا کۆیلەی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانیانن . واتە کۆیلەی ئەو یاسایانەن کە بەسەر پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانیاندا زاڵە " یان دەبێت تالاّن بکەیت یان دەبێت تالاّن بکرێیت " . لێرەوە ئیتر , واتە لە دوای کۆیلە بوونەوە بۆ ئەم یاسایە , کۆیلە و خاوەن کۆیلە لە کۆمەڵگادا دیاری دەکرێت ( بێگومان لە کۆمەڵگادا تەنانەت خاوەن کۆیلەش پێش ئەوەی خاوەن کۆیلە بێت , بۆخۆی کۆیلەی بەرەی تاکی تایبەتە ) . هەر کەسێك لە کۆمەڵگادا بە هەچ بڕێك تالاّنکەر بێت , بەو بڕە تالاّنکراو هەیە . یانی بە هەر بڕێك خاوەن کۆیلە هەبێت , بەو بڕە کۆیلەش هەیە . نایەکسانی لێرەوەیە . ماف زەوت کردن لێرەوەیە . سەرکوت کردن لێرەوەیە . کوشتنوبڕین لێرەوەیە .

مرۆڤەکانی کۆمەڵگا پێش ئەوەی بچنە پرۆسەی پەیوەندی گرتنەوە لەگەڵ یەکتریدا " گریمان لەم حاڵەتەدا هەموویان تاکن و هیچ یەکەیەکی کۆمەلاّیەتییان پێك نەهێناوە " هەموویان خاوەنی ئازادی سروشتی خۆیانن „ بەلاّم کە دەچنە پەیوەندی گرتنەوە لەگەڵ یەکتریدا , پێش هەموو شتێك هەموویان دەبن بە کۆیلەی پەیوەندییەکانیان . بۆیەش دەبن بە کۆیلەی پەیوەندییەکانیان , چونکە لەسەر بنەمای خێزانەوە دەچنە پرۆسەی پەیوەندی گرتنەوە , ئەگینا ئەگەر لەسەر بنەمای تاکایەتییەوە بچنە پرۆسەی پەیوەندی گرتنەوە , هیچ یەکێکیان نابێت بە کۆیلەی پەیوەندییەکان . هەرچۆن بێت , ئێمە باسەکەمان لەسەر کۆمەڵگایە و کۆمەڵگاش بە هەموو جۆرەکانیەوە , هەر لە مێژووی دروست بوونیەوە هەتا ئێستا هەر کۆمەڵگای چەوساندنەوە بووە . پرسیارەکە ئەوەیە کە مرۆڤەکان لەم کۆمەڵگایەدا دەبن بە کۆیلەی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانیان , ئەی ئازادییەکانیان , چ ئازادی بەرەی تاکی تایبەت و چ ئازادی بەرەی تاکی هەموانی , بۆ کوێ دەڕۆن ؟ چونکە کە دەبن بە کۆیلە یانی ئازادییەکانیان تالاّن کراوە , ئەی کە ئازادییەکانیان تالاّن کراوە , ئەم تالاّنییە لە کوێدا کۆ بووەتەوە ؟ بێگومان ئەم تالاّنییە لەناو خودی پەیوەندییەکاندا کۆبووەتەوە . کەواتە پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان لە کۆمەڵگادا , دەسەلاّتی بێ ڕەتدانەوەیان بەسەر هەموو کەس و لایەن و هێزێکدا هەیە . بەلاّم ئەم پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییانە بریتییە لە کۆی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی بەرەی تاکی تایبەت ( لە بیرمان نەچێت کە پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی بەرەی تاکی تایبەت , پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی بەرەی تاکی هەموانیشی تیادایە ) لە بچوکترین ئەندامیەوە بۆ بەرزترین ئەندامی . یانی ئەم پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییانە کە بەرجەستەکراوی پەیوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەتە لە کۆمەڵگادا , سەربەخۆیە لە هەموو کەس و هێز و لایەنێکی بەرەی تاکی تایبەت . واتە هیچ هێزێکی بەرەی تاکی تایبەت ناتوانێت پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی بەرەی تاکی تایبەت بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە , بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو , واتە ئەو هێزە , خۆی لە ژێر ڕکێفی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی بەرەی تاکی تایبەتدایە و ناشتوانێت بە هیچ جۆرێك خۆی ڕزگار بکات . کەواتە هەموو هێزێك لە کۆمەڵگادا , تەنیاوتەنیا بە گونجانی لەگەڵ بەرژەوەندی

هەموو بەرەی تاکی تایبەتدا , دەتوانێت سەرکەوتن و مانەوە مسۆگەر بکات . ئەوەی کە جێگای ووردبوونەوەیە , ئەوەیە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان , بەجیا لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و لە شوێنێکی تایبەتدا دانەنراوە , بەڵکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە کۆی هەموو پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگا و هەموو ئەو پەرەسەندنە مێژووییەش کە لە هەناوی خۆیدا هەڵی گرتووە . **لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کۆی هەموو پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگا و پەرەسەندنە مێژووییەکانیشیانە , بۆ یەك چرکەش لە کردەیی کردنەوە و لە گۆڕانکارییش دانابڕێن** . ئازادی لە کۆمەڵگادا تەنیا بۆ بەرەی تاکی تایبەت هەیە , بەڵام بۆ بەرەی تاکی هەموانیش پێبەپێی بردنە سەری بەرژەوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەت , جۆرێك لە ئازادی کۆیلایەتیئامێز هەیە . بەرەی تاکی تایبەت بەسەر کەس و هێز و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ...هتدکاندا دابەش کراوە . هیچ هێز و کەس و لایەنێکیان لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی هەموو بەرەکە " واتە بەرەی تاکی تایبەت " ناتوانێت واوەتر بڕوات . یانی کۆیلەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان " واتە مرۆڤەکانی کۆمەڵگا وەکو تاك " بەو بڕە ئازادی خۆیان مسۆگەر دەکەن کە لە خودی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەریدەگرن . هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەتیش هەر بەم شێوەیە لە ئازادی بەهرەمەندن . تەنانەت حکومەتەکانیش لەم یاسایە بەدەرنین . واتە حکومەتەکانیش بەو بڕەی لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا جووتن , بەو بڕە ئازادییان هەیە . من بۆیە باسی پەیوەندییە سیاسییەکان و پەیوەندییە ئابووری و ڕۆشنبیری و .......هتدەکان ناکەم , چونکە لەلایەکەوە هەموویان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیدا دەبن و لە لایەکی تریشەوە باسەکەم تەواو ئاڵۆز دەبێت و خوێنەریش تووشی ماندووبوون دەکەم .

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ووتمان لە چوار حاڵەتی پێویستدا پێکەوە دەیانبینین . ووتیشمان ئەو چوار حاڵەتە کە لە یەکتری جیانابنەوە بریتین لە کۆی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگا و پەرەسەندنە مێژووییەکەیان و کردەیی کردنەوە و گۆڕانکارییە بەردەوامەکانیان بەبێ ڕاوەستان . ئالێرەوەیە کە دەبینین ململانێ ناوەکییەکانی ناو بەرەی تاکی تایبەت چەند قووڵ و ئاڵۆزە و بەرنامە ڕێژی هێزەکانیش چەند دەست کورتە و دەست کورتیش دەبێت لە ئاستی دیاریکردنی ڕێڕەو و کار و ئامانجی خۆی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا . ڕێڕەو هەمیشە ڕاست و تەخت و فراوان نییە . کار هەمیشە ئاسان و بەردەوام و بەرهەمهێن نییە . ئامانج هەمیشە نزیك و ڕۆشن و کراوە بەڕووی هەمواندا نییە . پێشکەوتنی کۆمەڵگاش کە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین لەسەر سێ ئاستەوە دیاری دەکرێت " ئاستی بەرەی تاکی تایبەت , ئاستی بەرەی تاکی هەموانی , ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەر هەموو کۆمەڵگا " هەمیشە بێ گرفت و بەردەوام و سەربەخۆ نییە .

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان مادەم بە پێی ئەم یاسایە " یان تاڵان بکە یان ڕێگە بدە تاڵان بکرێیت " کار دەکەن , کەواتە هەڵبژاردنی یەکێك لەم دووانە ناچارییە . ئەگەر تاڵان بکەیت , ئەندامی بەرەی تاکی تایبەتیت . ئەگەر تاڵانیش بکرێیت , ئەندامی بەرەی تاکی هەموانیت . تاڵان کردن لە هەچ ڕوویەکەوە بێت " دەسەڵات بێت , نوێنەرایەتی بێت , ئارەزووەکان بێت " هەر تاڵان کردنە . هەموو تاڵانکردنێکیش جۆرێکە لە چەوساندنەوە . هەموو چەوساندنەوەیەکیش جۆرێکە لە بە کۆیلە کردن . **بێگومان ئەگەر هەڵبژاردنی یەکێك لەو دووانە " تاڵان بکە یان ڕێگە بدە تاڵان بکرێیت " ناچاریی بێت , ئەوا هیچ کەسێك نایەوێت تاڵان بکرێت . کەواتە هەموو کەسێك دەیەوێت تاڵانی ئەوی تر بکات . ئەم هەوڵدانە بۆ تاڵانکردنی یەکتری بریتییە لە ململانێی کۆمەڵایەتی . کەواتە ململانێی کۆمەڵایەتی , ململانێی تاڵان کردنە . ململانێی تالان کردنیش , ململانێی چەوساندنەوەیە . بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت ململانێی کۆمەڵایەتی , ململانێی ڕزگاربوون نییە لە بنەڕەتدا , بەڵکو ململانێی چەوساندنەوەی یەکترییە . کەواتە خودی ململانێ وابەستە نییە بە ڕزگار بوونەوە , بەڵکو وابەستەیە بە چەوساندنەوەوە . ئەمە بەو مانایە نییە کە چەوساوە مافی بەرگری کردنی لە خۆی نییە , بەڵکو بەو مانایەیە کە چەوساوە هەرگیز بە ڕزگار بوونی خۆیەوە ڕاناوەستێت , بەڵکو لەگەڵ ڕزگار بوونیدا ناتوانێت نەبێت بە چەوسێنەر و بەرانبەرەکەی نەچەوسێنێتەوە .**

لە کۆمەڵگادا ڕێگەیەکی تر لە بەردەم هیچ کەسێکدا نییە . یان دەبێت چەوساوە بێت یان دەبێت چەوسێنەر بێت . ئازادیش لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا هەر لەم بازنەیەدا دەجووڵێتەوە . بەو بڕەی کە ئازادیت بەو بڕە سەرکوتت هەیە . سەرکوت کردن بە مانای تاڵان کردنی ئازادییە . یان دەبێت تاڵانی ئازادی بکەیت , یان دەبێت تاڵانی ئازادیت بکرێت . ئازادییەك نییە لە کۆمەڵگادا لە نێوانی ئەم دووانەدا بە سەربەخۆیی ڕاوەستابێت . ڕاستە هەموو کەسێك ئازادی تاکایەتی خۆی هەیە , بەڵام لە کۆمەڵگادا هەموو کەسێك لەسەر بنەمای تاڵانکردنی یەکترییەوە چووەتە پەیوەندی کردنەوە بەوانی دیکەوە . بە هۆی ئەم تاڵان کردنەوەیە کە ناتوانێت خاوەنی ئازادییە سروشتییەکەی خۆی بێت . هەتا نەچوویتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە , خاوەنی ئازادی سروشتی خۆتیت . هەر ئەوەندەی چوویتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە , ئیتر یان دەبێت تاڵان بکەیت , یان دەبێت تاڵان بکرێیت . لەم بارەیەوە کەس خاوەنی هەڵبژاردنێکی دیکە نییە . مەبەست ئەوە نییە کە کەس مافی ئەوەی نییە خاوەنی ئازادییە

سروشتییەکەی خۆی بێت لە کۆمەڵگادا , بەڵکو ئازادییە سروشتییەکە دەچێتە پرۆسەیەکەوە لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کە هیچ هێزێك نییە بتوانێت ئەو ئازادییە وەکو خۆی بگەڕێنێتەوە . ئەو ئازادییە سروشتییەی مرۆڤ کە بریتییە لە ئازادی ئارەزووەکان , لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا هەرگیزاوهەرگیز بەو شێوەیەی کە ماڤ هەموو مرۆڤێك بێت , ناگەڕێتەوە . هەموو کەسێك لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا بڕێکی دیاریکراو ئازادی هەیە . ئەم ئازادییە سەبارات بە هیچ کۆیلەیەکیش لە دنیادا بە ڕەهایی زەوت نەکراوە . زەوت کردنی ڕەها , واتە کوشتنی مرۆڤەکە . سەردەمی کۆیلایەتیش ئازادییەکی تەواو کەم بۆ کۆیلەکان هەبووە . ئازادی بینین و بیستن و قسەکردن و خواردن و پۆشاك , کۆمەڵێك بوون لەو ئازادییانەی کە بە شێوەیەکی زۆر کەموکورت هەیانبووە . ئێستاش لە هەموو کۆمەڵگاکانی جیهاندا , ئازادی نەك هەر بۆ بەرەی تاکی تایبەت , بەڵکو بۆ بەرەی تاکی هەموانیش بە بڕێکی زۆر کەم هەیە . وەکو چۆن ناکرێت ئازادی بە ڕەهایی لە هیچ کەسێك زەوت بکرێت , هەر ئاواش ناکرێت هیچ کەسێك بە ڕەهایی ئازادی هەبێت , لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا . قسەمان لەسەر ڕەهایی , هەبوونی ئازادی و زەوت کردنی نییە , بەڵکو قسەمان لەسەر بڕی ئازادی تاڵانکەر و بڕی ئازادی تاڵانکراو هەیە . کرێکارێك کە خاوەنی بڕێکی زۆر کەم لە ئازادییە , ئەو بڕە ئازادییە کەمەی هەم پاشماوەی تاڵانیی ئازادییە سروشتییەکەی خۆیەتی و هەم خاوەنی تاڵانییشە " واتە تاڵانی کەسانی تری کردووە " . ئەم کرێکارە لەناو خێزانەکەیدا , کەموزۆر , تاڵانی ئازادییەکانی ئەندامانی خێزانەکەی خۆی و لەوانەشە لە هەندێك ڕووەوە تاڵانی ئازادی هەندێك لە هاوڕێ کرێکارەکانی دەوری خۆی بکات . کەواتە ئازادییە سروشتییەکەی مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ شوێنێکدا بە پاکلەمەیی لە کۆمەڵگادا نامێنێتەوە . کابرای دوکاندار ئەو ئازادییەی کە هەیەتی , بڕێکی زۆر کەمی پاشماوەی ئازادییە سروشتییەکانی خۆیەتی " وەکو بینین و بیستن و قسەکردن و گەشتوگوزار و کار و ......هتد " و بڕەکەی دیکەشی تاڵانییە . مامۆستا و قوتابی و کارمەند و دەوڵەمەند و ......هتد , بە هەمان جۆر, هەر یەکەیان , خاوەنی ئازادییەکی دووسەرەیە (لە لایەکەوە پاشماوەی ئازادییە سروشتییەکانی و لە لایەکی تریشەوە بەتاڵان بردنی ئازادی ئەوانی دیکە ) . بە پێی ئەو یاسایەی کە لە کۆمەڵگادا کار دەکات و پەیوەندییەکانی لەسەر دادەمەزرێت " یان تاڵان بکە , یان ڕێگە بدە تاڵان بکرێیت " هەموو کەسێك تاڵان دەکات و تاڵانیش دەکرێت . بڕی تاڵانکردنەکان لە کۆمەڵگادا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێت . هەرکەس لەهەر ڕوویەکەوە پلەیەکی زیاتری هەبێت , دەرگای تاڵانیی بەڕوویدا باشتر دەکرێتەوە . لە مەسەلەی تاڵان کردندا هیچ کەسێك سنوور ناناسێت , جائەگەر تاکی تایبەت بێت یان تاکی هەموانی , لەو بارەیەوە چوونیەکن .

ئەڵبەتە لە کۆمەڵگادا هەر یەکە و بەپێی جێگاوڕێگای خۆی , لەکایە جیاجیاکاندا , تاڵانییەکانی بەبڕی جیاجیا بۆ دەرەخسێت . چۆن جیاوازییەکان سەبارەت بە تاڵانکەران لە هەموو ڕوویەکەوە هەیە , سەبارەت بە تاڵانکراوانیش جیاوازییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە بوونیان هەیە . کارمەندێك , کەمتر لە کرێکارێك تاڵانی دەسەڵات و نوێنەرایەتی خودبۆخود و خۆڕۆشنبیر کردن و کات و .....هتد دەکرێت . کارمەندێکی پایەبەرز کەمتر لە یەکێکی نزمتر و هەروەها . ئازادییە سروشتییەکانی هەرهەموو مرۆڤەکانی کۆمەڵگا , لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا دەبن بە ناسروشتی . هەموو ئەو ئازادییانەی کە ئەمڕۆ بۆ مرۆڤەکان هەن , هەموویان ناسروشتین . ناسروشتین بەو مانایەی کە هیچیان بەبڕی پێویست بۆ مرۆڤەکان دابین نەکراون و وە هەروەها ناسروشتین بەو مانایەش کە هیچیان سیمای سروشتی خۆیان پێوە نەماوە , چونکە لە بازنەی تاڵان بکە و تاڵان بکرێیتدا بەردەوامی بە ژیانیان دەدرێت . **بە کورتییەکەی : ئازادییە سروشتییەکانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا , هەموویان کۆکراونەتەوە و تێکەڵاو کراون و دواییش لەسەر بنەمای یاسای تاڵان بکە و تاڵان بکرێیتدا , بەسەر مرۆڤەکاندا دابەش کراونەتەوە . ئەو دابەشکردنەوەیەش لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بەرەی تاکی تایبەت , ئەنجامگیری دەکات .** بەرژەوەندی تاکی تایبەتیش لەژێر ڕکێفی هیچ هێزێکدا نییە , بەڵکو هەموو هێزێك , لە دوایین لێکدانەوەدا , لەژێر ڕکێفی ئەودایە . ئەم بەرژەوەندییە گشتییەی بەرەی تاکی تایبەت , لە هەمان کاتدا کە هێزێکی نادیارە , جووڵێنەری کۆمەڵگاشە . هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەت , تەنیا ئەوەندەیە کە بەبڕ و سیما و شێوازی جیاواز گوزارشت لەو هێزە دەکەن کە بەرژەوەندی گشت بەرەی تاکی تایبەتە . ئەم بەرژەوەندییە گشتییەی بەرەی تاکی تایبەت , هیچ کەسێك و هیچ دامودەزگایەك و هیچ لایەنێك لە جیهاندا , نە توانیویەتی و نە دەشتوانێت کتومت بزانێت کامەیە . لایەنێکی هەمیشەیی مانەوەی ململانێ ناوەکییەکانی بەرەی تاکی تایبەت لەم نەزانینەوە " نەزانینی بەرژەوەندی گشتی بەرەی تاکی تایبەت " سەرچاوە دەگرێت . ئەم هێزە گەورەیە کە هێزی بەرژەوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەتە , خۆبەخۆ لە کۆمەڵگادا کار دەکات و تەنیا هێزێکیشە کە لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا سەربەخۆیە .

کەواتە بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادی لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا دروشمێکی تەمومژاوییە . ئەم دروشمە سەبارەت بە نەتەوەیەکی بندەست لە بەرانبەر نەتەوەیەکی سەردەستدا تا ڕادەیەك ڕۆشنی پێوەدیارە , بەڵام سەبارەت بە کۆی ئەو تاکانەی کە نەتەوەی بندەست پێکدەهێنێت ناڕۆشنە .

ناڕۆشنییەکەی دەکەوێتە سەر ئەو یاسایەی کە دەتوانین بە یاسای تالآنکردن ناوزەدی بکەین . ئەو کێشەیەی کە لە نێوان نەتوەی بندەست و نەتەوەی سەردەستدا هەیە , لە ڕاستیدا کێشەیەکە لەنێوان بەرەی تاکی تایبەتی هەردوو نەتەوەکە . بەرەی تاکی تایبەتی نەتەوەی سەردەست , بەرەی تاکی هەموانی هەردوو نەتەوەکە و بەرەی تاکی تایبەتی نەتەوەی بندەستیش تالآن دەکات . بەرەی تاکی تایبەتی نەتەوەی بندەست لە تالآنکردنی بەرەی تاکی هەموانی نەتەوەکەی خۆی زیاتر ناتوانێت تالآنییەکی تر مسۆگەر بکات . نەك هەر ئەوەندە , بەڵکو پێش ئەوەی بەرەی تاکی هەموانی خۆیشی تالآن بکات , ئەو بەرەی تاکی هەموانییە لەلایەن بەرەی تاکی تایبەتی نەتەوەی سەردەستەوە تالآنکراوە . یانی بەرەی تاکی تایبەتی نەتەوەی بندەست تەنیا تالآنکردنی تالآنکراوەکانی بۆ دەمێنێتەوە . کەواتە بەرەی تاکی هەموانی نەتەوەی بندەست , دووجار تالآن دەکرێت „ جارێك لەلایەن بەرەی تاکی تایبەتی نەتەوەی سەردەستەوە و جارێکیش لەلایەن بەرەی تاکی تایبەتی نەتەوەکەی خۆیەوە " واتە نەتەوەی بندەست " . ئالێرەوەیە کە زەمینەی بەرەنگاربوونەوە لەناو نەتەوەی بندەستدا هەمیشە ئامادەیە . بەرەی تاکی تایبەتی نەتەوەی بندەست هەست بەم ئامادەبوونی زەمینەی بەرەنگار بوونەیە دەکات , بۆیە هێزەکانی خۆی بە دژی نەتەوەی سەردەست , کۆدەکاتەوە و دەیانخاتەگەڕ . هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەتی نەتەوەی بندەست , پێویستییان بە ووریا کردنەوەیەکی بەرەی تاکی هەموانی نەتەوەکەی خۆیان نییە , چونکە ئەوان بۆ خۆیان لەژێر شاری تالان کردنیاندا بەتەنگ هەڵهاتوون . ئەمە لەلایەك , لەلایەکی تریشەوە بەرەی تاکی تایبەتی هیچ نەتەوەیەك " چ نەتەوەی بندەست بێت و چ نەتەوەی سەردەست " نایەوێت بەرەی تاکی هەموانی نەتەوەکەی زیاتر لەوەی کە ئەو " واتە بەرەی تاکی تایبەت " دەیەوێت , ووریا ببێتەوە .

بەرەی تاکی تایبەتی هەموو نەتەوەیەك یان وولآتێك بە ناچاریی ناحەزی بەرەی تاکی هەموانی نەتەوەکەی یان گەلەکەی خۆیەتی . چەند بەرەی تاکی هەموانی ووریا ببێتەوە ئەوەندە بۆ بەرەی تاکی تایبەت بڤەیە " خەتەرە " . هەر لەبەر ئەمەشە کە ڕیفۆرم لەناو هیچ نەتەوە و گەلێکدا بە ئاسانی بەدەست نایەت . ڕیفۆرم و ووریا بوونەوە لە یەکتری جیانابنەوە . ڕیفۆرم و ووریا بوونەوە , هەردووکیان , ڕێژەیین و بەپێی یەکیش دەچنە پێشەوە . ڕیفۆرم لە واتایەکیدا بە مانای کورت کردنەوەی دەستدرێژی بەرەی تاکی تایبەت دێت بۆ سەر بەرەی تاکی هەموانی . ئەڵبەتە ڕیفۆرمیش هەر بەپێی نەخشە و پلانی هێزێکی بەرەی تاکی تایبەت دەچێت بەڕێوە . بەرەی تاکی هەموانی لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا ناتوانێت ڕیفۆرم لەژێر سایەی دەسەلآت پیاڕاهێشتنی " دەسەلآتداریێتی " خۆی و بە ئاراستەی ڕزگاربوونی خۆیدا بە ئەنجام بگەیەنێت . هەردەبێت یان بە ڕابەرایەتی هێزێکی بەرەی تاکی تایبەت ڕیفۆرم بکات , یان بە شێوازی بەرەی تاکی تایبەت خۆی ڕێك بخات و ڕابەرایەتییەکەشی وەکو هێزێکی بەرەی تاکی تایبەت بێنێتە دەرەوە و ڕیفۆرم بە ئاراستەی جێگیر کردنەوەی دەسەلآتی بەرەی تاکی تایبەت بە ئەنجام بگەیەنێت . ڕیفۆرم هەرچەندە دەستدرێژییەکانی بەرەی تاکی تایبەت لەسەر بەرەی تاکی هەموانی بۆ ماوەیەك و لە هەندێك ڕووەوە کەم دەکاتەوە , بەلآم کۆمەڵگا دیسانەوە لەژێر ڕابەرایەتی بەرەی تاکی تایبەتدا ڕێك دەخاتەوە . نەك هەر ئەوەندە , بەڵکو بەرەی تاکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا جێگیرتر دەکاتەوە . بەهەر ئەندازەیەك ڕیفۆرم زیاتر بکرێت , بەو ئەندازەیە و ئەڵبەتە زیاتر لە جاران بەرەی تاکی هەموانی بە دەوری بەرەی تاکی تایبەتدا تەوەرە دەبەستێت . بەرەی تاکی هەموانی هەرگیز بە دژی بەرەی تاکی تایبەت ڕاپەڕینی نەکردووە , ئەگەر ڕاپەڕینێکیشی لەو بارەیەوە کردبێت ئەوە بە دژی هێزێکی بەرەی تاکی تایبەتی کردووە کە حکومەت بووە . بەرەی تاکی هەموانی , شۆڕشەکانیشی " گریمان ئەم ووشەیە دروستە " لە چوارچێوەی دانانەوە و بە فەرمی ناسینی کۆمەڵگای پێچەوانەدا کردووە , بۆیە هیچ شۆڕشێکی لە مێژوودا سەرنەکەوتووە . لە سپارتاکۆسەوە هەتا سەر کۆمۆنەی پاریس و ئۆکتۆبەر , هەڵسان و ڕاپەڕین و شۆڕشێك نەبووە بە دژی کۆمەڵگای پێچەوانە , بە دژی بەرەی تاکی تایبەتیش , بەدژی لابردنی چەوساندنەوە , بۆ ڕزگاربوونی بەرەی تاکی هەموانی , بۆ ئازادی مرۆڤی تاك , بۆ بە مرۆیی کردنی پەیوەندییەکان . هیچ یەکێك لەوانە بە ئاراستەی لابردنی سیستمی دەسەلآتداریێتی و نوێنەرایەتی و عەقڵسالاری , هەنگاوی نەناوە . باسکردن لە ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی , لەناو کۆمەڵگای پێچەوانەدا , باسکردنە لە ڕیفۆرم . هەڵەی فەیلەسوفەکان لە سوقراتەوە تا هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ و تا بیرمەندێکی وەکو فاروقیش , لەم دەستگرتنەوەیانەوە بووە بە کۆمەڵگای پێچەوانەوە ( بێگومان ڕێزێکی هێجگار زۆرم بۆ ئەرك و شەونخوونی و ماندووبوونی یەکبەیەکی ئەو فەیلەسوف و بیرمەندانە هەیە کە ژیانی خۆیان تەرخان کرد بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان . بە هەموو هەڵەیەکەوە کە هەیانبووە , هەموومان قەرزاری فکری ئەوان هەین . بیرمەندێکی وەکو فاروقیش کە من چووەمەتە پرۆسەی ڕەخنەیەکی توندوتیژەوە لەگەڵیدا , ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەرییەکی باشی لە بلآوبوونەوەی فکر و فەلسەفەدا هەیە لە کوردستاندا . ئەڵبەتە لەو ڕوانگەیەوە من ڕێزێکی تایبەتم بۆ فاروق ڕەفیق هەیە ) . تا سنووری ئەم کۆمەڵگایە نەبڕدرێت , ئازادی مرۆڤ , بە تەواوی مانای ووشە , نایەتەدی .

ئەو شۆڕشە خوێناوییانەی کە مارکس بۆ پرۆلیتاریای پێشنیار دەکات , شۆڕشگەلێکن کە لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا و بە دەستگرتن بە مانەوەی ئەو کۆمەڵگایەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێن . شۆڕشگەلێکن لەژێر ڕابەرایەتی سەروەری عەقڵ و کۆنترۆڵی ئارەزووەکاندا . شۆڕگەلێکن لەژێر ڕابەرایەتی بەرژەوەندی گشتی و توانەوەی بەرژەوەندی تاکدا . شۆڕشگەلێکن لەسەر هەمان یاسای تالأنکردن بەرێوەدەچن . شۆڕشگەلێکن لەسەر بنەمای دانەبڕانەوە دروست دەبن . شۆڕشگەلێکن لەسەر بنەمای بە قوربانی کردنی ئازادی تاکەوە ئازادی خۆیان مسۆگەر دەکەن . شۆڕشە خویناوییەکانی مارکس پێش ئەوەی مرۆڤەکان ڕزگار بکەن , سەرکوتیان دەکەن . شۆڕشە خوێناوییەکانی مارکس , شۆڕشی بەرجەستە کردنی بەرژەوەندییەکانی هەموو بەرەی تاکی تایبەتە لە هێزێکی ئەو بەرەیەدا کە بە هێزی کۆمەنیستەکان ناسراوە . بەرەی تاکی هەموانی هەمیشە لەلایەن بەرەی تاکی تایبەتەوە تالأن کراوە . ئەو شۆڕشە خوێناوییانەی مارکس , شۆڕشی ڕزگار بوونی بەرەی تاکی هەموانی نین , بەڵکو لە هەر وولأتە و شەڕی هێزێکی بەرەی تاکی تایبەتە لەگەڵ هەموو هێزەکانی دیکەی بەرەی تاکی تایبەتدا .

دیمۆکراسی بریتییە لەو ڕژێمە سیاسییەی کە ئازادی بۆ هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەت مسۆگەر دەکات . دیکتاتۆریەتیش بریتییە لە داگیر کردنی کۆمەڵگا لەلایەن یەك هێزی بەرەی تاکی تایبەتەوە و ئەڵبەتە زەوتکردنی ئازادی هەڵسووڕانی هێزەکانی دیکەی هەمان بەرەش لە دەستوری کاریایەتی . هەموو ستەمکارێك لە دنیادا کە هاتووە لە دووتوێی هێزێکی بەرەی تاکی تایبەتەوە هاتووە . هەموو ستەمکارێك ستەمکارییەکەی , ڕەنگدانەوەی ستەمکاری هێزەکەیەتی . هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەت بە هەموو جۆرێکیانەوە " بە هێزە لیبرالکان و کۆمۆنیستەکان و ناسیۆنالیستەکان و ئایینیەکان و فاشیستەکان و ڕەگەز پەرستەکان " ەوە ستەمکارن . ستەمکارییەکانیان بەپێی بارودۆخەکان و ئاستی ڕێکخستنی هێزەکانیان و چۆنیەتی پەیبردنیان بە میکانیزمەکانی هەڵسووڕانی کۆمەڵگا و تێگەیشتنیان لە بەرژەوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەت و نوێنەرایەتی کردن بۆیان و ئاوەلأکردنی ڕێگا بۆ ئۆپۆزیسیۆنەکانیان , دیاری دەکرێت و لە یەکتری جیادەکرێنەوە . هیچ فۆرمێکی فەرمانداری بەرەی تاکی تایبەت باش نییە . ئەوەی کە بەباش دەزانرێت وەکو دیمۆکراسی , باشییەکەی لە ڕاستیدا بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەتە . دیمۆکراسی تا ئێستا باشترین فۆرمی پیادە کردنی دەسەلأتداریتی بەرەی تاکی تایبەتە بەسەر بەرەی تاکی هەموانیدا . دیمۆکراسیش چەندین جۆری هەیە ( لێرەدا من ئاماژە بۆ ئەو پەرتوکەی کەمال پۆلادی دەکەم " مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا " کە لە سێ بەرگدا وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی لەلایەن ئازاد وەڵەد بەگی و سیروان جەبار زەندییەوە ) کە ئەگەر خوێنەری خۆشەویست چاوێك بەو پەرتوکەی کەمال پۆلادی دا بخشێنێت , دەتوانێت لانی کەم برێك شارەزاییان دەربارە وەربگرێت . ئەو جۆرانەی دیمۆکراسیش پێبەپێی هاتنەوەیان لەگەڵ بەرژەوەندییە سەرتاپاگیرییەکانی بەرەی تاکی تایبەتدا , باش و باشتر و باشترینیان دیاری دەکرێت .

دیمۆکراسی فۆرمێکی لەبارە بۆ ڕەوایەتیدان بە چەوساندنەوە . بەرەی تاکی تایبەت لە دیمۆکراسیدا بە تیرێك دوو نیشانە دەشکێنێت : لەلایەکەوە ململانێی هێزەکانی لەگەڵ یەکتریدا دێنێتە نزمترین ئاستەوە و لەلایەکی تریشەوە ناڕەزایەتییەکانی تالأنکراوان (مەبەست لە تالأنکراوان ئەوانەن کە لە کۆمەڵگادا لە هەموو ڕوویەکی وەکو دەسەلأت و نوێنەرایەتی خودبۆحود و هاتنەدی ئارەزووەکان و قوتی ڕۆژانە و ئازادییەکان و ....هتدەوە تالأن دەکرێن . وە هەروەها هەموو

ئەوانەش دەگرێتەوە کە بە هەر برێك لە هەر ڕوویەکەوە بێت تالأن بکرێن ) لە ئازادی دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان و هەندێك چاکسازی و خۆشگوزەرانییەکی لانی کەمدا گرمۆڵە دەکات . دیمۆکراسی تەنیا ڕێگایەکی ژیرانەیە کە لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا بۆ بردنە پێشەوەی بەرەی تاکی تایبەت و سەقامگیر کردنی ئاسایش و کەمبوونەوەی برسێتی و دانی لانیکەمی ئازادییەکان , دەگیرێتەبەر . ئەڵبەتە من لێرەدا باس لە باشترین شێوەی دیمۆکراسی دەکەم . گرفتی گەورەی دیمۆکراسی , بەشێوەیەکی گشتی و لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا , لە پرۆسەی هاتن و سەقامگیر بوونیدا نییە ,, بەڵکو لە پرۆسەی بنبەست بوونی چوونە پێشەوەی دیمۆکراسیدایە . دیمۆکراسی لەگەڵ چوونە پێشەوەیدا تالأنییەکانی زیاد دەکات و ئازادییەکانی کەم دەکاتەوە . تالأنی و ئازادی دوو شتی ناکۆکن بە یەکتری . سروشتی بەرەی تاکی تایبەت , سروشتێکی تالأنکەرانەیە . قسە کردن لە بەرەی تاکی تایبەت بەبێ تالأنی مەحاڵە . دیمۆکراسی لە بنەڕەتدا لە پێناوی بەرەی تاکی تایبەتدا دێتە کایەوە , نەك لە پێناوی بەرەی تاکی هەموانیدا . دیمۆکراسی ئامڕازی یەکخستنی هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەت و ڕێکخستنی تالأنییەکانیەتی . **ڕێکخستنی تالأنییەکان , هەم برەوپێدانی شێوازە کۆنەکان و هەم پاراستنی میراتییەکان و هەم ڕێگرتنە لە دابەش بوونەوە و ڕفاندنیان** . برەوپێدانی شێوازە کۆنەکان بۆ تالأنکردن , بریتییە لە هێشتنەوەی شێوازە لەبارەکان و دەوڵەمەند کردنیان و هەم دۆزینەوەی شێوازی تازەتریش . پاراستنی میراتییەکان , بریتییە لە پاراستنی ئەو هەموو

میراتییانەی کە بەرەی تاکی تایبەت لە نەوەکانی پێشوویەوە بۆی ماوەتەوە . میراتییەکان هەر بە تەنیا سامان و دارایی نییە , بەڵکو دەسەڵات و نوێنەرایەتی و شێوازی فەرماندارێتی و کولتوور و ڕۆشتبیری و پیشەسازی و زانست و تەکنەۆلۆژیا و سیستمی پەیوەندی و سیاسەت و ....هتدەکانە . ڕێگرتن لە دابەشبوونەوەی تاڵانییەکانی بەرەی تاکی تایبەت , بریتییە لە نزیك کردنەوەی هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەت لە یەکتری و کردنەوەی دەرگای کاری هاوبەش بۆ یەکتری و یەکگرتنیان لەسەر هێشتنەوەی تاڵانییەکانی بەرەی تاکی تایبەت لەژێر دەسەڵاتی سەرانسەریی بەرەکە خۆیدا . واتە ململانێکانیان بۆ دابەشکردنی لەگەڵ یەکتریدا نەبەنە پێشەوە . لە دووتوێی ململانێکانیشدا هەوڵ بدرێت کە ڕێگە لە تاڵانکردنی تاڵانییەکانی بەرەی تاکی تایبەت بگیرێت و بە هیچ ناوێکەوە هیچ کەس و لایەنێك هەوڵی ڕفاندنی بەشێك یان چەند بەشێك لەو تاڵانییانە نەدات . کە دەڵێم لە دوتوێی ململانێکانیشدا , لەلایەکەوە ململانێ لەنێوانی هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەتدا هەرگیز ڕاناوەستێت و لەلایەکی تریشەوە لە دیمۆکراسیدا ململانێکانیان ئاستێکی ئاسایی بە خۆیانەوە دەگرن .

(( ڕوونکردنەوە : دەسەڵاتی سەرانسەری بەرەی تاکی تایبەت کامەیە و لە کوێ و لە کێدا بەرجەستە بووە ؟ بەرەی تاکی تایبەت هەرچەندە لە کۆی ئەندامانی بەرەکە پێکهاتووە , بەڵام خۆی وەکو بەرەیەك بەرهەمی پرۆسەی بەکارهێنانی هێز و پرۆسەی تاڵانکردنی بەرەی تاکی هەموانییە . ئەو بەکارهێنانی هێز و تاڵانکردنانە خۆبەخۆ و سیستیماتیکانە , بەجیا لە ئارەزووی یەکبەیەکی ئەندامانی بەرەکە , لەسەر ئاستی کۆمەڵگا وەکو بزووتنەوەیەکی سەرانسەری خۆی داڕشتووە . ئەم بزووتنەوە سەرانسەرییەی بەکارهێننانی هێز و تاڵانکردن کە بزووتنەوەی حوکمڕانی و بەرژەوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەتە , نەك هەر خاوەنی بەرەی تاکی هەموانییە , بەڵکو خاوەنی بەرەی تاکی تایبەتیشە . تێگەیشتن لەم بزووتنەوەی بکارهێنانی هێز و تاڵانکردنە , تێگەیشتنە لە کۆمەڵگا و میکانیزمەکانی هەڵسووڕانی و هێزەکانی " واتە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و ڕۆشنبیری و ....هتدەکانە " . ئەم بزووتنەوەی بەکارهێنانی هێز و تاڵانکردنە , لە کەڵەکە کردنی تاڵانییەکاندا کە سەرتۆپەکەیان دەسەڵاتە , بەرجەستە دەبێت . کەڵەکە کردنی دەسەڵات و لەوێشەوە کەڵەکەکردنی تاڵانییەکانی تر , لە خۆیاندا ئامانجن بۆ بەرەی تاکی تایبەت . تاڵانکردنی دەسەڵات , دایکی هەموو تاڵانییەکانی ترە . وە کەڵەکە کردنی دەسەڵاتیش دیسانەوە دایکی هەموو کەڵەکە کردن " خستنە سەریەك " ەکانی ترە . هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەت ئاراستەی ڕۆیشتنیان , هەمیشە بەرەو کەڵەکە کردنی دەسەڵات و تاڵانییەکانی دیکەیە . ئەو هێزەی دەسەڵات دەخاتە دوای سامانەوە , خزمەتکردنی بەبەرەی تاکی تایبەت لە ئاستی شیاودا نییە و دەرگای چوونە پێشەوەی خۆیشی , وەکو هێزێکی بەرەی تاکی تایبەت , بەڕووی خۆیدا دادەخات .

دەسەلاتی سەرانسەری بەرەی تاکی تایبەت لە هیچ شوێنێکدا و لە هیچ لایەنێکدا بە ڕەهایی بەرجەستە نابێت . واتە هیچ لایەنێکی سیاسی نییە کە بتوانێت دەسەڵاتی سەرانسەری بەرەی تاکی تایبەت لە خۆیدا بەرجەستە بکات . دیمۆکراسی لە لایەنێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بێتوانایییە کە خاسیەتێکی بێئەملاوئەولای هەموو هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەتە . هۆکاری بەرجەستە نەبوونی دەسەڵاتی سەرانسەریی لە هێزێکدا : 1- دەگەڕێتەوە بۆ چوونیەکی دەسەڵاتخوازی و سنوور نەناسینی ئەو دەسەڵاتخوازییە لای هەموو مرۆڤەکانی کۆمەڵگاوە . 2- نەبوونی توانای یەکخستنی ئەم دەسەڵاتخوازییانە . 3- پەی نەبردن بە میکانیزمەکانی کارکردن بۆ بەرجەستە کردنی دەسەڵاتی سەرانسەری بەرەی تاکی تایبەت بەسەر کۆمەڵگادا . 4- باڵاپێدانی بەرژەوەندی هێزەکە بەسەر بەرژەوەندی بەرەی تاکی تایبەتدا . 5- ڕێگرتن لە هەڵسووڕانی هێزەکانی دیکەی بەرەی تاکی تایبەت . 6 – تێنەگەیشتن لە سیستمی بەستنەوەی تاڵانییەکانەوە بە یەکتری . 7 – تێنەگەیشتن لە ئازادییەکانی ناو کۆمەڵگای پێچەوانە . 8 – تێنەگەیشتن لە بەرەی تاکی تایبەتی جیهانی . 9 – تێنەگەیشتن لەوەی کە دەسەڵاتی سەرانسەری بەرەی تاکی تایبەت , لە هەموو کەناڵێکەوە کە پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەکانەوە , پیادە دەبێت .

دەسەڵاتی سەرانسەری بەرەی تاکی تایبەت , لەگەڵ ئەوەشدا کە خاوەنی هێزەکانی خۆیەتی , بەڵام هەر لە ڕێگای هێزەکانی خۆیەوە پیادە دەبێت . هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەت ناتوانن لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی سەرانسەریی بەرەی تاکی تایبەت دەربچن , چونکە ئامڕازی پیادە کردنی ئەو دەسەڵاتەن . تاڵانیەکان بە شێوەیەکی دەرکەوتوو , لە دەستی هەموو هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەتدان „ بەڵام هێزەکان هەرهەموویان بە شێوەیکی نادیار , لەژێر دەسەڵاتی سەرانسەریی بەرەکەیاندان . هیچ سەرۆکێك نییە لە دنیادا کۆیلەی ژێر دەسەڵاتی سەرانسەریی بەرەی تاکی تایبەت نەبێت . کۆیلەیە , چونکە بەرژەوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەت ئەو هەڵدەسووڕێنێت , نەك بە پێچەوانەوە . کۆیلە بوونی سەرۆك لەوەدا نییە کە ئارەزوومەندانە خزمەت بە بەرەی تاکی تایبەت دەکات , کۆیلە بوونەکەی لەوەدایە کە ناتوانێت ئەو خزمەتە نەکات . بەجیا لەوەی کە سەرۆك

دەسەڵاتدارە , ژیانی خۆشە , کۆیلەی هەیە „ بەڵام پۆستی سەرەوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی دراوەتە دەست کە خۆی و ژیانی و کەسایەتییەکەی بوون بە موڵکی ئەو پۆستە و پۆستەکەش تەنیا بە خزمەت کردن بە بەرەی تاکی تایبەتەوە بوونی هەیە .
بەرژەوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەت بە هۆی سیستمێکەوە لە کۆمەڵگادا پیادە دەبن کە سیستمی تالآنکردنی یەکترییە . ئەم سیستمە لە مامەڵەی رۆژانەیدا و لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا , بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە ئاراستەی خڕبوونەوەی دەسەڵات و هەموو تالآنییەکانی ترە . ئەم سیستمە بە کۆیلەکردنی بەشێکی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا نەبێت بۆ بەشەکەی تری , ناتوانێت هەردوو بەشەکە بکات بە کۆیلەی خۆی . واتەسیستمی تالآنکردنی یەکتری کە دەسەڵاتی سەرانسەری بەرەی تاکی تایبەتی تیا بەرجەستە بووە , سیستمی بە کۆیلە کردنی هەموو مرۆڤەکانی کۆمەڵگایە بۆ خۆی " واتە بۆ سیستمی تالآنکردنی یەکتری " و لەهەمان کاتیشدا سیستمی بە کۆیلە کردنی بەرەی تاکی هەموانییە بۆ بەرەی تاکی تایبەت . ئەو پرسیارەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە بۆ دەبێت ئەم سیستمە پێچەوانە بێت , لەکاتێکدا کە سیستم لە جەوهەردا بۆ خۆی ڕاستەوانەیە ؟ کرۆکی وەڵامەکە ئەوەیە کە هەموو سیستمێك بنیاتنان و هەڵوەشاندنەوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە , بەڵام ئەم سیستمەی کە تا ئێستا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەڕێوەدەبات هەر هەڵوەشاندنەوەی پیادە کردووە . واتە ئەم سیستمی هەڵوەشاندنەوەیە کە سیستمی کۆمەڵگای پێچەوانەیە , بنیاتنانەوەشی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە کە کۆمەڵگای ڕاستەوانەیە ( ئەمەش بۆخۆی باسێکی ترە و بابمێنێت بۆ دەرفەتێکی تر . )) .

دیمۆکراسی کە ئامرازی ئاشتکردنەوەی خەڵك و حکومەتە , لەسەر سێ پایەی بنەڕەتیی کە فەرمانڕوایی یەکسانانەی یاسایە بەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هەبوون و پاراستنی مافە مەدەنییەکانی هاووڵاتییانە , ڕادەوەستێت . مۆنتسکیۆش وەکو فەیلەسوفێك و زانایەکی کۆمەڵناسی لە ڕۆحی یاساکاندا کە ئیدریس شێخ شەرەڤ وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی , چووەتە پای ناساندن و تیۆریزەکردن و بە فەرمی کردن و ڕۆشنکردنەوەی چۆنیەتی کردەیی کردنەوەیان . مۆنتسکیۆ جگە لە مۆڤ دۆستی و هەست پاکی و بەرگری کردنی لە ماڤی ڕەوای خەڵك , شوێن هەمان ڕێگای فەیلەسوفان و بیرمەندانی پێش خۆی کەوتووە و هەمان دەستگرتنی بە کۆمەڵگای پێچەوانەوە دووبارە کردووەتەوە . ئەویش جگە لە بەشدارییەکی بەرچاو کە هەیبووە لە ڕۆشنبیری جیهانیدا , بەشدارییەکی بەرچاویشی لە سازاندنی زەمینەی هاتنی دیمۆکراسی جیهاندا هەبووە . بەڵام لەگەڵ ئەو ماندوو بوون و هەوڵە بەنرخانەشیدا , نەینوانیوە پەی بە کۆمەڵگای ڕاستەوانە ببات . ئەویش خەباتگێڕێکی دیکەی ڕێگای چاکسازییەکانی کۆمەڵگای پێچەوانە بووە .
کاوە جەلال لە پەرتووکەکەیدا کە توێژینەوەیەکە دەربارەی ژانژاك ڕۆسۆ , لە لاپەڕە 26دا دەڵێت : ( ڕۆسۆ فەیلەسوفەکان بە بەشێکی ئەو جیهانە دادەنێت , کە ڕەخنەی لێدەگرن . بۆیە هەموویان خەتابار دەکات . فەیلەسوفەکان گرنگی بە هێشتنەوەی دامەزراوەکانی چەوساندنەوە دەدەن و کاریان بۆ دەکەن ) . ڕۆسۆ لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕاستییەك دەبینێت و ڕەخنەیەکی توندوتیژیش ئاراستەی فەیلەسوفەکان دەکات , ناتوانێت وەکو پەیامبەرێکی کۆمەڵگای ڕاستەوانە , بانگهێشتی ڕزگاربوون بە گوێی مرۆڤایەتیدا بدات . ڕۆسۆ پەی بەوە نابات کە هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە کاتی دروست بوونیانەوە هەتا ئەو سەردەمەی ئەو " واتە ڕۆسۆ " , هەر هەموویان بەتێکڕا کۆمەڵگای پێچەوان بوون . ( ئەڵبەتە لە کاتی ڕۆسۆشەوە هەتا ئێستا هەر هەمان شتە و کۆمەڵگاکان هەر بە پێچەوانەیی ماونەتەوە و یەك دەنك بەباری ڕاستەوانەدا نەگۆڕراوون ). لە کۆمەڵگای پێچەوانەشدا هەموو جۆرە خەباتێکی مرۆیی بۆ ڕزگار بوون , لە چاکسازییەك زیاتر واوەتر ناڕوات . هەموو جۆرە چاکسازییەکیش , بەجیا لە دیوە مرۆییەکەی , بەشداری کردنێکی دیکەیە لە دامەزراوەکانی چەوساندنەوەدا . ڕۆسۆ لەوەدا دروست بووە کە فەیلەسوفەکان بە بەشێکی ئەو جیهانە دادەنێت , بەڵام لەوەدا دروست نەبووە ئەگەر لای وابووبێت کە مرۆییانە خەباتی فکرییان نەکردووە . گرفتی فەیلەسوفەکان هەتا ئەمڕۆش لەوەیدایە کە چوارچێوەی کۆمەڵگای پێچەوانە تێناپەڕێنن . ڕۆسۆ کە لە یەکێك لە نوسینەکانیدا دەگاتە ئەوەی کە ئەو نەتەوانەی لەڕووی هونەر و زانستەوە دواکەوتوون , لەو نەتەوانە سەروەرترن کە پێشکەوتوون – هەمان سەرچاوە لاپەڕە 27 _ , ئیتر ئەمیش جارێکی تر وەکو فەیلەسوفەکانی دیکە واوەتر لە کۆمەڵگای پێچەوانە ناڕوات . لەنێوانی کۆمەڵگاکانی جیهاندا و بێگومان لەسەر ئاستە مێژووییەکەش , کۆمەڵگای مرۆیی و کۆمەڵگای نامرۆیی , وەکو دوو دیاردەی جیاواز لەیەکتری , نەبووەو نییە . ئەوەی کە هەتا ئێستا هەیە هەر کۆمەڵگای پێچەوانەیە کە لەسەر بنەمای تالآنکردن " نامرۆیی بوون " بنیات نراوە . کۆمەڵگای سروشتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بوونی نەبووە . ئەو کۆمەڵگا سروشتییانەی ڕۆسۆ و هەر کەسێکی تر باسیان کردبێت , کۆمەڵگا خێڵایەتییەکان و خێزانە گەورەکانن , یان تازەتر لەوان کۆمەڵگاکانی شارەکانن کە لە زوروان " زەمان " ی شەڕی تە روادە لە یۆنان و سۆمەرییەکان لە عێراق و ......هتدا هەبوون . هەموو کۆمەڵگاکان لە کۆنەوە هەتا ئێستا مادەم لەسەر بنەمای خێزانەوە

دامەزراوون , سروشتی نەبوون . بە کۆمەڵگایەك ئەتوانین بڵێین سروشتی بووە کە لەسەر بنەمای سەروەری ئارەزووەکانەوە دامەزرابێت . هەموو کۆمەڵگایەك کە لەسەر بنەمای هاتنە دەرەوەی تاکی تایبەتەوە دامەزرا , ئیتر ئەو کۆمەڵگایە سروشتی نییە . کۆمەڵگای سروشتی بە کۆمەڵگایەك دەووترێت کە چەوساندنەوەی تیانەبێت . کۆمەڵگایەك کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای ئاژەڵیدا نەپچڕاندبێت , سەبارەت بە مرۆڤ کۆمەڵگایەکی سروشتی نییە . ئەگەر کۆمەڵگایەك بە سروشتی دابنرێت کە مرۆڤ تیایابچێتەوە دۆخی دڕندەیی , ڕاستر وایە کە ووشەی ئاژەڵییش بە سروشتییەکەیەوە بلکێنرێت و لە جیاتی کۆمەڵگای سروشتی بووترێت کۆمەڵگای سروشتیی ئاژەڵیی . ئەم بۆچوونەی ژانژاك ڕۆسۆ دەمانگەیەنێتە ئەو کۆمەڵگا سروشتییە ئاژەڵییەی کە خۆی بە کۆمەڵگای سروشتی ناوی دەبات . ژانژاك ڕۆسۆ دەیەوێت لە مێژوودا نموونە بدۆزێتەوە , بەڵام مێژووی مرۆڤایەتی –جگە لەو چرا لەنتەر و چرا تۆڕانەی کە تیایا هەڵگیرساوە _ هەتا ئێستا مێژووی شەوگارێکی نەبڕاوە بووە . ئەم شەوگارە نەبڕاوەیەی مرۆڤایەتی کە هەبوونی کۆمەڵگای پێچەوانەیە , دەتوانین لە سیستمی نوێنەرایەتیدا کورتی بکەینەوە . سیستمی نوێنەرایەتی کە سیستمی چەوساندنەوەیە , هەتاکو ئێستاش لەمپەڕی جیهانەوە بۆ ئەوپەڕی جیهان هەموو هێزە سیاسییەکان وەکویەك بەرگری لێدەکەن . هەر لەو هەرێمە بچوکەی کوردستاندا ئیسلامییەکان و ناسیۆنالیستەکان و کۆمۆنیستەکان , وەکویەك بەبێ جیاوازی بەرگری کردنیان لە سیستمی نوێنەرایەتی بە ئەرکی بێ ئەملاوئەولای خۆیان دەزانن . هەر لەو هەرێمە بچوکەی کوردستاندا زۆر پرەنسیپ هەن کە ناسیۆنالیستەکان و کۆمۆنیستەکان و  ئیسلامییەکان تیایدا هاوبەشن . جگە لە سیستمی نوێنەرایەتی , دەسەڵاتداریێتی و عەقڵسالاری و حزبایەتی و دیسپلینی حزبی و خێزانگەرایی و ئەخلاقپەرستی و نایەکسانی و سەرکوتکردن و تاڵانی بردنیش , کۆمەڵێکن لەو پرەنسیپانەی کە ئیسلامییەکان و کۆمۆنیستەکان و ناسیۆنالیستەکان تیایدا هاوبەشن . ئەمانە هەموویان لە کوردستاندا هێزە جیاوازەکانی بەرەی تاکی تایبەتن . فاروق ڕەفیقیش لەگەڵ ئەم ئیسلام و ناسیۆنالیست و کۆمۆنیستانەدا لە باری فکرەوە هاوکارە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵیاندا نییە . فاروق ڕەفیقیش وەکو ئەوان شێلگیرانە بەرگری لە مانەوەی کۆمەڵگای پێچەوانە دەکات . ئەمیش ئەخلاق و خێزان و نوێنەرایەتی و دەسەڵاتداریێتی و عەقڵسالاری و .......هتد بە پیرۆز دادەنێت . ئەمیش بەرمەبنای سەروەری عەقڵ – بە تایبەتی عەقڵی خۆی – کۆمەڵگایەکی نموونەیی دادەمەزرێنێت . " فاروق " یش وەکو بیرمەندێکی بەرەی تاکی تایبەت لە کوردستاندا , بە تەنگ یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی ئەو بەرەی تاکی تایبەتەوەیە و دەیەوێت کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی بەرجەستەکەری ئامانجەکانی ئەو بەرەیە دابمەزرێنێت . فاروق ڕەفیق لەگەڵ ئەوەشدا کە دەورێکی بەرچاوی هەیە لە بردنە پێشەوەی فکر وفەلسەفەدا لە بواری ڕۆشنبیری کوردی و نێوەندەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا , بەڵام هەڵتەکاندنی بنەما فکرییەکانی فاروق , لە پێناوی کۆمەڵانی خەڵك و سەرڕێخستنی ڕۆشنبیری کوردی بە ئاراستەی ڕێچکە شکاندن بۆ وەرچەرخانی  ڕۆشنبیری جیهانی , ئەرکی هەموو کەسێکی مرۆڤ پەروەرە لە کوردستاندا .

**بژار   2010-4-26**

**ماوەیەتی**